وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر

کۆلێژی پەروەردە – بەشی زمانی کوردی

دەنگناسی

ئامادەکردنی مامۆستای بابەت

د.ڕێبین خالد دڵکار

2024-2023

"هەرگیز مەهێڵە پێیەکانت بەر سێبەری مامۆستا بکەوێ"

کۆرسی دووەم

م. ڕێبین خالد دڵگار

لیستی هێما و کورتکراوەکان

هێما و کورتکراوەکان	واتاکەی
[ ]	هێمای دەنگ
/ /	هێمای فۆنیم
< >	هێمای پیت (گرافیم)
←	دەبێتە (لە ئاستی دەنگسازی)
<	دەبێتە (لە ئاستی وشەسازی)
{ }	هێمای مۆرفیم (وشە)
V	بزوێن (Vowel)
C	نەبزوێن (Consonant)

جریبین خالد دڵکار

بەشی دووەم

دەنگناسی (فۆنۆلۆجی)

لقێکە لە زانستی زمان , کە لە جیاوازی ئەرکی نێوان دەنگەکان دەکۆڵێتەوە , واتە دیراسەی فۆنیمەکانی زمان (فۆنیمە کەرتی و فۆنیمە ناکەرتییەکان) دەکات ، پاش دۆزینەوەی فۆنیمەکان و دیاریکردنی ئەلۆفۆنەکانی هەر فۆنیمێك لەگەڵ دابەشبوونی هەر ئەلۆفۆنێك . بە واتایەکی تر فۆنۆلۆجی لقێکی زانستی دەنگە کە لە فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە ، بۆنموونە : تایبە تمەندی فۆنۆلۆجی زمانی کوردی جیاوازە لە تایبە تمەندی فۆنۆلۆجی زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی و زمانی تورکی ...هتد ،چونکە هەر زمانێك یاسای فۆنۆلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە ، کە لە زمانەکانی تری جیادەکاتەوە .

جیاوازی نێوان دەنگ و پیت و فۆنیم :

١- دەنگ : لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێن و بەهۆی بیستنەوە هەستی پێدەکرێت .

٢- پیت : وێنەی دەنگە بە نیشانە لە نووسیندا دیاریکراوە و بەهۆی بینینەوە وەردەگیرێ .

٣- فۆنیم : بەو دەنگانە دەوترێ کە لە زماندا وشە پێکدێنن و بە گۆڕان و لابردنیان واتا دەگۆڕێت .

یەکە سەرەکییەکانی ئاستی دەنگناسی : -

١- فۆنیم

فۆنیم (دەنگی نابەرجەستە) : زانایانی زمان چەندین پێناسەی جیاجیای فۆنیمیان کردووە ، لەوانەش :

١- فۆنیم دەنگێکی نابەرجەستەیە لەمیانەی چالاکی ئاخاوتندا بوونی نییە .

٢- فۆنیم دەنگێکی نموونەییە، ئێمەش هەوڵی لاسایی کردنەوەی دەدەین لە ئاخاوتندا .

بۆ نموونە : خەڵکی دەنگی [ت] بەهەمان شێوە نادرکێنن ، چونکە هەر قسەکەرێك هەوڵی لاسایی کردنەوەی شێوەی نموونەیی ئەم فۆنیمە دەدات، تەنانەت هەمان قسەکەر ، بەهەمان شێوە نایدرکێنێ .

٣- فۆنیم بچووکترین یەکەی زمانە، کەرت ناکرێ بۆ یەکەی بچووکتر .

بۆ نموونە : وشەی (ذَهَبَ) دەکرێ شی بکرێتەوە بۆ (ذَ) (هَـ) (بَ) ، کەئەمە زیاتر شی بکەینەوە دەبینین (ذَ) دابەش بە (ژ + ـە) دەکرێ ، کەدەمانەوێ زیاتر شی بکەینەوە دەنگی (ژ + سفر) کە بچووکتر نییە و ئیتر دابەش ناکرێت .

٤- فۆنیم بچووکترین یەکەی دەنگییە ، کە دەتوانێ واتا جیابکاتەوە .

٥- فۆنیم کۆمەڵە دەنگێکی لێکچووە ، ئەم دەنگانەش یان لەباری دابەشبوونی تەواوکەری (توزیع تکاملی)، یان لەباری گۆڕانی ئازاد (تغییر حر) دەبن .

لەکۆتایی وشەی {هات} دەنگی [ت] دەتوانین هەواکەی بەڕەڵا بکەین و نەکەین ، کەواتە هەردووکی پەسەندە، ئەم دوو ئەلۆفۆنە لەباری دابەشبوونی تەواوکەریدا نین. چونکە لەهەمان شوێندا دەرکەوتوون ، بەڵکو لەباری گۆڕانی ئازاد دەبن .

٧- فۆنیم بریتییە لەخێزانە دەنگێك ، هەریەکێ لەئەندامەکانی ئەم خێزانە بەئەلۆفۆن ناودەبرێ ، ئەوەی لەڕاستەقینەدا دەدرکێ ئەلۆفۆنە ، نەك فۆنیم .

کەواتە دەکرێت بڵێین : فۆنیم ئەو کۆمەڵە دەنگەیە کە لە ڕووی درکاندنەوە لێکدەچن , ئەو دەنگانەش بە شێوەیەکی تەواوکەری دابەش دەبن یان بە شێوەیەکی ئازاد دەگۆڕێن . هەروەها وەك چەمکێکی نابەرجەستە (ئەبستراکت) تەماشا دەکرێت ، چونکە ئەوەی کە بەڕاستی دەدرکێت ئەلۆفۆنە نەك فۆنیم , لەبەر ئەوەی هەندێ زمانەوان فۆنیم بە دەنگێکی نموونەیی دادەنێن ، کە قسەکەر هەمیشە هەوڵدەدات لاسایی بکاتەوە . هەندێکی تر پێناسەی فۆنیم بەوە دەکەن ، کە بچووکترین یەکەی دەنگییە و بەهۆی ئەو یەکەیەوە دەکرێ جیاوازی واتایی نێوان وشەکان دیاری بکرێت . لە سیستەمی زمانێکی تایبەتیدا. بۆ مەبەستی نووسین ، بۆ هەر فۆنیمێ ، نیشانەیە دائەنرێ بە پیت لەقەڵەم ئەدرێ . واتا پیت دەنگ نانوێنێ ، بەڵکو فۆنیم ئەنوێنێ ، فۆنیمیش لەوانەیە کۆمەڵە دەنگێ بنوێنێ . ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ ، کە فۆنیم شتێکی (نابەرجەستە) یە .

فۆنیم و گرافیم

کە زمانێك بەئاسایی دەنووسین ئایا ئەم نووسینە لەشێوەی فۆنیمە یان پیتە ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەسەر جۆری زمانەکە دەوەستێت ، بۆ نموونە : لە کوردیدا زۆربەی ئەو پیتانەی بەکاریان دەهێنین فۆنیمە، واتە زۆربەیان وەك ئەوەی بدرکێنرێن دەنووسرێن . بەواتایەکی تر ڕادەی لێکچوونی پیتەکان و دەنگەکان زۆرە، ئەم لێکچوونەش بەهەمان ڕادە بەدی ناکرێ لەهەموو زمانەکاندا.

زاراوەی (گرافیم) فۆرمی پیتی نابەرجەستەیە (مجرد) ، واتە گرافیم دەگەیێنێ .

گرافیم : بریتییە لە کۆمەڵە فۆرمێك، ئەندامانی ئەم کۆمەڵە یان لەباری دابەشبوونی تەواوکەری یان گۆڕانی باری سەربەستدا دەبن . بۆ نموونە پیتی < ن > ی کوردی چەند شێوەیەکی هەیە ، کە ئەم شێوانەش پێییان دەوترێت (ئەلۆگراف)، هەر یەکە لەم ئەلۆگرافانە سەر بەگرافیمی < ن > ن ، هەر گرافیمێك چەند شێوەیەکی نووسراو وەردەگرێت ، وەك : نـ ، ـنـ ، ن ... ، دابەش بوونی هەندێکیان بە خورتییە و هەندێکی تریان بە ئارەزووە ، بۆ نموونە پیتی ئینگلیزی گەورە و بچووك، لەسەرەتا پێویستە لە نوسینی ناو دا گەورە بنووسرێت .

کەچی لە کوردیدا فۆنیمێك بەگرافیمێك دەنووسرێ، هەروەها گرافیمێك بەفۆنیمێك دەدرکێنرێ.واتە بەگشتی لێکچوونی فۆنیمی/ گرافیمی هەیە ، بەڵام لەعەرەبیدا تاکە گیروگرفت نیشانەی سەر و بۆر و ژێری کورتن لەنووسینەوە دا .

جۆرەکانی فۆنیم

یەکەم : فۆنیمە کەرتییەکان :

ئەم جۆرە فۆنیمە بەگشتی ڤاوڵ و کۆنسنەنتەکان دەگرێتەوە ، ژمارەی ئەم فۆنیمانەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێت ، واتە وەکو یەك نین ، بۆ نموونە: هەر زمانێك ژمارەیەکی تایبەتی لە فۆنیم هەیە ، کە لەگەڵ زمانێکی تر جیاوازی هەیە ، بۆنموونە زمانی عەرەبی ٢٨ دەنگی هەیە و دەنگەکانیشی بەسەر پیتی بزوێن و نەبزوێن دابەشدەکرێن ، کە ٣ دەنگی بزوێنە و ٢٥ دەنگیشی نەبزوێنە ، لە زمانی ئینگلیزیشدا جیاوازی لە نێوان پیت و دەنگدا دەکرێ ، چونکە زمانی ئینگلیزی خاوەنی ٢٦ پیتە کە ٥ پیتی بزوێنە و ٢١ پیتی نە بزوێنە ، بەڵام ٤٤ دەنگی هەیە ، سەبارەت بە زمانی کوردیش گەلێك ڕاوبۆچوونی جیاواز لە ئارادایە دەربارەی ژمارەی دەنگ و پیت و فۆنیمەکانی زمانی کوردی ، بەڵام ڕای پەسەند و زانستی ئەوەیە کە ژمارەی دەنگەکانی زمانی کوردی ٣٧ دەنگە و لەوانەش ٨ دەنگیان بزوێنن و ٢٩ دەنگیشیان نەبزوێنن . ڤاوڵ و کۆنسنەنت بە فۆنیمی کەرتی (قطعي) ناودەبرێن، چونکە لەئاخاوتندا شیاوی پارچە پارچە کردنن، واتە شیاوی شیکردنەوەن بۆ ڤاوڵ و کۆنسنەنت، ئەم جۆرە فۆنیمانە بە فۆنیمی (تەرکیبی) ش ناودەبرێن، چونکە قسە پێك دەهێنن کەیەك لەدوا یەك دێن، پێیان دەوترێ هێڵی -linear- چونکە لەشێوەی هێڵێکی ڕاست ریز دەبن لەکاتی ئاخاوتندا، پێیان دەوترێ فۆنیمە سەرەتاییەکان (الاولیە) چونکە دەنگی بنجی ئاخاوتنن .

فۆنیمە کەرتییەکان دوو جۆرن :-

١- کۆنسنەنت : ئەم جۆرە سازگە و درکێنەری دیاریکراوی هەیە، دابەش دەبێت بەسەر شوێنەکانی بڕگە بۆ ئە نجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو.

٢- ڤاوڵ : ئەم جۆرە سازگەی نییە و ناوکی بڕگە دروست دەکات ، جۆرێکی تری فۆنیمیش کە دەکەوێتە نێوان ڤاوڵ وکۆنسنەنت ، ئەمەش فۆنیمی خلیسکاوە کە بە نیمچە ڤاوڵ یان نیمچە کۆنسنەنت ناودەبرێن وەك / و/ و /ی/ ئەم جۆرە وەك (١) دەدرکێنرێ، بەڵام وەك (٢) دابەش دەبێت واتە لەرووی فۆنەتیکەوە ڤاوڵە و لەرووی ئەرکییەوە کۆنسنەنتە .

ئەلۆفۆن :-

ئەم دەنگە جیاوازانەی کە لەفۆنۆلۆجیدا بەئەلۆفۆن ناودەبرێن ، بەم جۆرە پێناسە دەکرێت :-

ئەلۆفۆنەکان: ئەو کۆمەڵە دەنگەن ، کە فۆنیمێك دەیان گرێتەخۆ ، یان فۆنیمێك دەنوێنن و بە ئەندامی ئەو فۆنیمە ناودەبرێن ، یان بە ئەلۆفۆنی ئەو فۆنیمە دادەنرێن ، هەروەها دەتوانین دوو جۆرە ئەلۆفۆن دەستنیشان بکەین :-

جۆری یەکەم: ئەو ئەلۆفۆنانەیە کەشارەزایانی دەنگسازی هەستی پێ دەکەن و دەتوانن دەستنیشانی بکەن، بۆ نموونە: < ت > لەم دوو وشەیەدا (تەم، تاڵ)، بەئاسانی هەست بەجیاوازی درکاندنیان دەکەین .

جۆری دووەم: ئەو ئەلۆفۆنەیە کە بەئاسانی هەستی پێ ناکرێت ، بەئامێری تایبەتی نەبێت دەستنیشان ناکرێت، وەك ئامێری تۆمارکردنی لەرینەوەی دەنگ و ئامێری سبکتروگراف. بۆ نموونە لەرینەوەی ڤاوڵەکان هەمیشە زیاترە لەلەرینەوەی کۆنسنانتەکان .

ئەلۆفۆنەکانی یەك فۆنیم شێوەی دیاریکراو وەردەگرن لەدابەش بوونیاندا، هەریەکێکیان لەشوێنێکی تایبەتی دەردەکەوێت کە ئەلەفۆنێکی تر تێیدا دەرناکەوێت ، یان حاڵەتێکی تر لە گۆڕانی ئازاد شوێنەکەی لەگەڵ ئەلۆفۆنێکی تردا ئاڵوگۆڕ دەکات .

ئەلۆفۆن: بریتییە لەتاکە دەنگێك کە سەر بە کۆمەڵە دەنگێکی لێك چووە، ئەم ئەندامە یان لەشێوەی دابەش بوونی تەواوکەری یان لەشێوەی گۆڕانی ئازاد دەبێت . واتە ئەلۆفۆن ئەندامێکە لەخێزانی فۆنیم . ئەلۆفۆن ناوی تریشی هەیە وەك گۆڕاوە دەنگی (متغیر صوتی)، یان گۆڕاوی سیاقی، چونکە سیاقی دەنگ بەسەریدا زاڵ دەبێت ، یان گۆڕانی نا ئەرکی ، چونکە گۆڕینی ئەلۆفۆنێك بەئەلۆفۆنێکی تر لەچوارچێوەی هەمان فۆنیم کارناکاتە سەر واتا، هەرچەندە لەوانەشە ببێتە هۆی ناپەسەندی درکاندن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە : کوڕە یان کوڕەکە .

پەیوەندی نێوان فۆنیم و ئەلۆفۆن

لەباسی دەنگسازیدا، واتە لەدروست بوونی دەنگەکانی زماندا، هەندێ لەو دەنگانە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ باس کران ، لەڕووی چۆنیەتی درکاندنیانەوە کە بۆ وەسف کردنی هەر دەنگێك بەتەنیا (بێ ئەوەی بدرێتە پاڵ دەنگێکی ترەوە) تەرخان کرابوو . ئەوەی ئاشکرایە زۆربەی دەنگەکانی زمان لەدواندا بەتەنیا نادرکێنرێن، چونکە (ئاخاوتنی مرۆڤ لەرێزە دەنگێکی بەرە و دوای یەکتر پێك هاتووە، کە لە کاتی هەناسەداندا و بەپێی یاسای دەنگسازی زمان رێز دەبن و لەهەڵوێستێکی زمانەوانیدا دەردەبڕێن . ئەم رێزە دەنگەش، کە بیئەیەکی زمانی (واتە زمانێکی تایبەتی) لەسەری رێکەوتووە و پێکەوە واتایەکی تایبەتی دەبەخشێت لەو زمانە دا. کەواتە (زانینی دەنگەکانی زمان و لەیەکدانیان بۆ دروستکردنی بڕگە بەشێکی زانیاری قسەکەرە دەربارەی ژیانی خۆی ، گرنگترین لایەنیش لە زانینی زمان ئەو لایەنەیە ، کە دەنگ و واتا بەیەك ئەبەستێت . هەروەها لە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زماندا پێویستە لە ئاخاوتنی راستەقینەی قسە پێکەراندا بڕوانینە ئەو دەنگانە چونکە دوانی ڕاستەقینە وەك کەرستەیەکی خاوی زمان دەبێتە هۆی دەرخستنی سیفەتی راستەوخۆی دەنگەکان . هەرچەندە دەنگەکانی زمانیش هەریەکە سیفەتی تایبەتی خۆی هەڵدەگرێت ، بەڵام لە ئەنجامی بەکارهێنانی لە دواندا، هەندێ سیفەتی جیاواز دەگرنە خۆیان، کە بەچەند شێوەیەکی جیا دەردەکەون لە دەربڕیندا، بەپێی ئەو ژینگەیەی کە تیای بەکاردێن . ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە (ژمارەی ئەو دەنگانەی ئەندامانی دوان دروست دەکەن، تاکو ئێستا بەوردی دەستنیشان نەکراوە، چونکە کەمترین لادان لەسازگەی دەنگەکاندا -point of articulation- دەبێتە هۆی جیاوازی درکاندنیان ئەگەرچی بە گوێش هەستیان پێ

نەکرێت، بەڵام بەئامێری تایبەتی وەك- سپکتروگراف- یان ئامێری تۆمارکردنی لەرینەوەی شەپۆلەکانی دەنگ هەستیان پێ دەکرێت . لێرەدا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی دەنگەکانی زمان ، لە زمانێکی تایبەتیدا (واتە لەسنووری فۆنۆلۆجیدا)، پێویستە لەسەر بناغەی ئەرکی زمانی و ئەرکی درکاندنی دەنگەکان جیابکرێنەوە . بۆ نموونە: /ت/ یان (هەر دەنگێکی تر وەربگرین) لەزمانی کوردیدا بەچەند شێوەیەکی جیا دەردەبڕێت، هەروەك لەو وشانەدا هەستیان پێ دەکەین (تەم، ئەتناسم، هات)، ئەگەرچی /ت/ لەهەر وشەیەك لەم وشانەدا شوێنی دروست بوونیان (لە هەمان سازگەدا) یەکە، هەروەها هەموویان لەژێر یەك ناونیشان کۆکراونەتەوە ، ئەویش دەنگی (تێ) یە، بەڵام چەند شێوەیەکی جیاوازی هەیە.

کەوابوو لێرەدا (وشەی- دەنگ- لەخۆیدا دوو واتا دەگەیەنێت : -

واتای یەکەم: واتایەکی نابەرجەستەی (تجریدی) گشتییە، کە مەبەست لەجۆری دەنگەکەیە، نەك شێوە جیاکانی لەوشەدا، وەك ئەوەی بڵێین جۆری نون، یان ڕێ، یان لام....هتد.

واتای دووەم: واتایەکی تایبەتییە،کە شێوەیەکی دەنگەکە دەگرێتەوە، لەگەڵ بەرچاوخستنی سیفەتی درکاندن و بیستنی دەنگەکە- لە ژینگەیەکی دەنگی تایبەتیدا- هەروەکو شێوە جیاکانی [ت] ، کە لەکاتی درکاندا هەستیان پێ دەکرێت ، بەهۆی گۆڕانی شوێن، یان بەکارتێکردنی دەنگەکانی دەورو پشتیان) .

بە پێی ئەو بۆچوونەی پێشوو دەربارەی دەنگەکانی زمان ، دوو پێوانەی ڕوونمان دەست دەکەوێت، بۆ دەستنیشان کردنی فۆنیم و ئەلۆفۆن بەم شێوەیەی خوارەوە :-

یەکەم: ئەگەر لەرووی ئەرکەوە بڕوانینە [ت]، وەکو تاقگە دەنگێك ، کە ئەرکێکی زمانی دەبینێت ، بە گۆڕانی واتای وشەکە دەگۆڕێت ، یان نامێنێت بۆ نموونە: بە بەراوردکردنی دوو وشە (جووتۆکە-minimal pait-)، کەهەموو دەنگەکانیان یەکن، تەنیا لە یەك دەنگدا نەبێت جیاوازن ، وەك (تەم، کەم) لێرەدا جیاوازی واتای هەردوو وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی [ت]ی وشەی یەکەم لە [ك] وشەی دووەم ، کەواتە بەم جۆرە دەتوانین [ت] بەفۆنیمێکی سەربەخۆی دابنێین لەسنووری فۆنۆلۆجی کوردیدا .

دووەم: بەڵام شێوە جیاکانی /ت/ لەوشەی { تەم، ئەتناسم، هات} دا، هەریەکەیان لەبیئەیەکی دەنگی تایبەتیدا دەردەکەون ، کەلەشوێنی یەکتردا، بەکار نایەن، واتە <ت> ی وشەی یەکەم لەبیئەی <ت> ی وشەی دووەم، یان سێیەم جیایە، هەروەها <ت> ی وشەی دووەم لە یەکەم و سێیەمدا جیایە...هتد ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هاتوو لەشوێنی یەکتردا دەرکەون ، واتای وشەکان ناگۆڕێت ، کەوابوو لێرەدا ئەرکی زمانی نابینن ، بەڵکو تەنیا ئەرکی درکاندن دەبینن، سەرەڕای جیاوازی درکاندنیان (ئەم جیاوازیەش دەکەوێتە سنووری فۆنەتیکە و هەرسێ شێوەکە بەیەك فۆنیم دەژمێردرێن و یەك نرخیان دەدرێتێ لەسنووری فۆنۆلۆجی کوردیدا ، کەواتە یەك /ت/ هەیە لەزمانی کوردیدا، کە بە سێ شێوە دەنگی جیاواز دەردەبڕێت هەریەکەیان بەئەلۆفۆنی /ت/ دەژمێردرێن بۆیە (مەرج نییە [ت] سێ شێوە درکاندنی جیاوازی هەبێت ، بەڵکو لێرەدا بەمەبەستی روون کردنەوە ئەم سێ شێوەیان دەستنیشان کردووە .

مەرجی ئەلۆفۆنەکانی فۆنیمێك :

١- لێکچوونی دەنگی : لەم بارەیەوە لێکچوونی دەنگی بابەتێکی رێژەییە و رەها نییە، چونکە ناتوانین بڵێین دەنگێك بەجۆرێك لەدەنگێکی تر ناچێت ، بەڵکو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دوو دەنگ بەلای کەمییەوە لەبارێکدا لەیەك دەچن . دوو دەنگ لەیەکتر دەچن ئەگەر شێوەی درکاندنیان یەك بێ یان سازگەیان یەك بێ یان شێوەی درکاندن و سازگەیان یەك بێ یان شوێنی درکاندنیان لەیەکتر نزیك بێ ، بۆ نموونە دەنگی [ت] و [د] هەردووکیان ددانین ، واتە هەمان سازگەیان هەیە- لەکوردی و فەرەنسی- کەواتە بۆیان هەیە دوو ئەلۆفۆنی هەمان فۆنیم بن .

٢- دابەش بوونی تەواوکەری: لێرەدا دەبێ ئەلۆفۆنەکانی یەك فۆنیم بەشێوەیەکی تەواوکەری دابەش بووبن، واتە ئەلۆفۆنەکان بەسەر شوێنەکانیاندا دابەش بووبن و هیچ یەکێکیان شوێنی ئەوەی تریان نەگرێت . گریمان فۆنیمێك سێ ئەلۆفۆنی هەیە، لەوانەیە دابەش بوونی تەواوکەرییان بەم شێوەیەی خوارەوە بێت :-

یەکەم- پێش ڤاوڵ .

دووەم- پێش کۆنسنەنت .

سێیەم- بۆ شوێنی کۆتایی .

یان بەم شێوەیە:

یەکەم- پێش ڤاوڵی لووتی.

دووەم- پێش دەنگە مەڵاشویی نەرمەکان .

سێیەم- بۆ شوێنی کۆتایی .

بۆ نموونە کە تەماشای (ت) دەکەین لەوشەکانی (تەم، بیستن، کەوت) دەبینین :-

أ- (ت) لە (تەم) هائی بە یاوەری هەناسەیەك دەدرکێنرێ .

ب- (ت) لە (بیستن) هائی نییە.

ج- (ت) لە (کەوت) بەندکراوە ، واتە بەیاوەری هیچ تەقینەوەیەك نادرکێنرێ .

دەرئەنجام (ت) بەلای کەمەوە سێ ئەلۆفۆنی هەیە، کەبەم شێوەیە دابەش دەبن :-

أ- (ت) هائی یەکەم (سەرەتا)

ب- (ت) ناهائی لەدوای (س)

ج- (ت) بەندکراو لەکۆتایی

م. ڕێبین خالد دڵکار

٣- گۆڕانی ئازاد(سەربەست) : ئەگەر ئەلۆفۆنەکانی یەك فۆنیم بەشێوەیەکی تەواوکەری دابەش نەبوون ، دەبێ هەموویان یان هەندێکیان لەباری گۆڕانی ئازاددا بن . گۆڕانی ئازادیش ئەوە دەگەیێنێ کەئەلۆفۆنێك شوێنی ئەلۆفۆنێکی تر- سەر بەهەمان فۆنیم- بگرێ، بۆ نموونە : < ت > ی (هات) دەکرێ هائی بێ یان بەندکراو بێ ، لێرەدا دەڵێن : <ت >ی هائی و <ت > ی بەندکراو لەباری گۆڕانی ئازاد دان لەشوێنی کۆتایی وشە { گوتن }.

جۆرەکانی ئەلۆفۆن : بەگشتی دەکرێ دوو جۆرە ئەلۆفۆن دیاری بکرێت، بەم شێوەیە:

١- ئەلۆفۆنی ئازاد: ئەم جۆرە لەباری گۆڕانی ئازاد دەبێت لەگەڵ ئەلۆفۆنێکی تر لەهەمان شوێندا، واتە قسەکەر بۆی هەیە ئەلۆفۆنێك هەڵبژێرێت لەنێوان دوو ئەلۆفۆن یان زیاتر لەهەمان شوێندا بەکاربهێنێ بێ ئەوەی ببێتەهۆی گۆڕانی واتا یان کاربکاتە سەر پەسندی کۆمەڵایەتی درکاندنەکە، ئەم جۆرە بەئەلۆفۆنی (optional) ناودەبرێ .

٢- ئەلۆفۆنی دەوروبەر: ئەم جۆرە ئەلۆفۆنە لەوشەدا بەسەر شوێنەکان شوێنەکانی دابەش هەروەها بەسەر دابەشبوونیدا زاڵ دەبێت، ئەلۆفۆنەکانی سیاقی هەمیشە لەباری دابەشبوونی تەواوکەری دەبن پێشیان دەوترێ ئەلۆفۆنی شوێنی (context)ناودەبرێ .

* ئەلۆفۆنی ناکاو : ئەمە ئەلۆفۆنێکی نائاساییە و لەئەنجامی هەڵەیەکی درکاندن دەردەکەوێت .

بۆ نموونە : (پوف) لەجیاتی (سوف)، لێرەدا [پ] ئەلۆفۆنی ئاسایی / س/ نییە، چونکە ئەنجامی هەڵەیەکی درکاندنە.

چۆنیەتی جیاکردنەوەی فۆنیم و ئەلۆفۆن : چۆن دەزانین کە دەنگێك فۆنیمە و دەنگێکی تر ئەلۆفۆنە. بۆ نموونە لەکوردیدا چۆن دەزانین [س ، ز] دوو فۆنیمی جیاوازن و ئەلۆفۆنی یەك فۆنیم نین .

لەرووی مەبدەئەوە [س] و [ز] دوو دەنگی لێکچوون ، چونکە خشۆك و بیخی ددانین ، جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە [س] کپە و [ز] گرە ، بۆیە لەوانەیە ئەم دوو دەنگە دوو ئەلۆفۆنی فۆنیمێك بن ، چونکە مەرجی لێکچوونی دەنگییان تێدایە، بەڵام بڕیاردان سەبارەت بەم کێشەیە لەسەر هەبوونی نموونەیەکی زمانی دەوەستێت . بۆ نموونە جووتە وشەی (ساڵ) و (زاڵ) لەکوردی گۆڕینی / س/ بە / ز/ یان / ز/ بە / س/ دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. کەواتە جیاوازی نێوان / س/ و / ز/ لەکوردیدا جیاوازییەکی ئەرکییە .

[س] فۆنیمێکی سەربەخۆیە و [ز] یش سەربەخۆیە، ئەم تاقیکردنەوەیە بەتاقیکردنەوەی گۆڕینەوە ناودەبرێ ، واتە وشەکانی (ساڵ) و (زاڵ) بەجووتە وشە ئاماژەی بۆ دەکرێت ، چونکە ئەم دوو وشەیە، تاکە خاڵێکی لێ دەرچێ ، لەیەکتر دەچن ، پەیوەندی نێوان / س/ و / ز/ پەیوەندیەکی بەرامبەرییە (تقابلی) ، چونکە هەردووکیان لەرووی درکاندنەوە وەك یەکن و هەمان سازگەیان هەیە ، ئەگەر جێگۆڕکێ بکەن ، ئەوا گۆڕینی واتا دێتەدی ، ئەم بەرامبەریەکییەش بە- بەرامبەریەکی فۆنیمی- ناودەبرێ .

بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ سەرەنجی ئەم چەمکانە بدرێت : -

١- نموونەی زمانی: ئەمە وەك کەرەستەیەکی زمانە، ئەو کەزانیاریمان پێشکەش دەکات بۆ دیراسەکردنی و گەیشتن بەئەنجامەکان .

٢- جیاوازی گرنگ، مەبەست لێرەدا جیاوازی واتاییە کە لەرووی واتاوە .

٣- جیاوازی ئەرکی (وەزیفی)، دیسان دەکاتە جیاوازی واتا .

٤- تاقیکردنەوەی گۆڕینەوە ، لەم جۆرە تاقیکردنەوەیەدا جووتە وشە بەکاردەهێنرێت بۆ سەلماندنی فۆنیمیەت.

٥- جووتە وشە، بریتییە لەدوو وشە کە هەموو دەنگەکانیان وەك یەکن ، تەنیا لەتاکە دەنگێکدا نەبێت جیاوازن لەهەمان شوێن ، وەك: (ساڵ) و (زاڵ)، (بار) و (پار) .

٦- پەیوەندی بەرامبەری ، پەیوەندی نێوان ئەو دوو فۆنیمەی کەلەشوێندا تەریبن (متوازین) لە جووتە وشەیەکدا تەریب بن .

٧- بەرامبەری فۆنیمی ، بەرامبەری دوو دەنگ لەدوو وشەدا کە دەبێتە هۆی جیاوازی واتا .

شایەنی وتنە لەوانەیە فۆنیمێك لەزمانێکدا ببێتە ئەلۆفۆن لەزمانێکی تردا، یان ئەلۆفۆنێك لەزمانێکدا ببێتە فۆنیم لەزمانێکی تردا، بۆ نموونە [ب] لەئینگلیزیدا فۆنیمە، بەڵام هەمان دەنگ ئەلۆفۆنی فۆنیمی /ب/ لەعەرەبیدا، وەك (حپس). لەم شوێنەدا [پ] بووە ئەلۆفۆنی / ب / .

م. رێبین خالد دڵکار

هەندێ دیاردەی دەنگناسی

١- جووتۆکە : بریتییە لە بوونی دوو فۆنیم لە دوو وشەی جیاواز لە واتادا ، کە لە دوو شوێنی وەکو یەك لە وشەیەکدا (پێشەوە – ناوەڕاست – کۆتایی) بەرانبەر بەیەك بوەستن . ئەم جۆرە بەرانبەرییەش بۆ ئەزموونی سەلماندنی فۆنیمیەتییە لە زماندا . واتە ئەگەر دوو دەنگی جیاواز توانییان لە هەمان شوێن دەربکەون و واتای جیاوازیان ببەخشن ، ئەوا ئەو دوو دەنگە دوو فۆنیمی جیاوازن . وەکو /ش - ژ/ لە وشەکانی (شان ، ژان) یان / پ - ت / لە وشەکانی (پیر،تیر) ، بەڵام /س،ص/ لە وشەکانی (سەگ،صەگ) واتا ناگۆڕێت ، کە واتە / ص/ فۆنیمێکی سەربەخۆی زمانی کوردی نییە ، بەڵکو ئەلەفۆن (شێوەی دەنگ) ە لە زمانی کوردیدا . بە پێچەوانەوە / ل - ڵ / دوو فۆنیمی سەربە خۆی زمانی کوردین ،چونکە واتای وشە دەگۆڕن وەکو (گوڵ و گول) ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دەنگی [ڵ] نییە ، تاوەکو ڕۆڵی فۆنیم ببینێت لەو زمانەدا ، تەنها دەنگی [ل] هەیە .

٢- هێشووە دەنگ : بریتییە لە دەرکەوتنی دوو دەنگی نەبوێن یان زیاتر بە دوای یەکتر لە بڕگەیەکدا وەکو

/ شت/ لە وشەکانی (دەشت ،وەشت ،هەشت . . .) .

٣- هێشووە بزوێن = بزوێنی دوولانە= Dipthong : بریتییە لە بوون یان هاتنی دوو دەنگی بزوێن لە دوای یەکتردا لە وشەیەکدا ،بەڵام ئەم دیاردە دەنگییە لە زمانی کوردی بەشێوەیەکی فراوان لە هەمووبەشەکانی وشەدا (پێشەوە – ناوەڕاست – کۆتایی) بە دیناکرێت . هەرچەندە لەچەند وشەیەکدا دەبینرێ وەکو (شوێن-خوێن ...) بەڵام ناکرێت بە پێوەرێکی گشتگیر دابندرێت .

٤- جەلە کۆنسنانت : بریتییە لە بەدوای یەکدا هاتنی دوو کۆنسنانت وەیان زیاتر لە سنووری وشەیەك یان فرێزێکدا بێ ئەوەی هیچ ڤاوێکیان بکەوێتە نێوان . بۆنموونە : نەفت خواردنەوە .

٥- سیمای جیاکەرەوە : سیمایەکی دەنگییە لە زمانێکدا ، کە فۆنیمێك لە فۆنیمێکی تر جیادەکاتەوە ، وەکو گڕی و کپی دەنگ یان سووکی و قەڵەوی یان درێژی و کورتی دەنگ . بۆنموونە دەنگە گیرەکانی / د/ و /ت/ و/ ب/ و/پ/ سازگەی دروستبوونی هەرجووتە دەنگێك وەکو یەکە ، بەڵام سیمای جیاکردنەوەیان تەنیا لە گڕی و کپیدایە ، واتە تاڵە ژێکانی قورگ لە / د/ و/ ب/ دەلەرێتەوە ،بەڵام لە /ت/ و / پ/ نالەرێنەوە .کەچی سیمای گڕی و کپی لەگەڵ دەنگە لازمانییەکانی / ل-ڵ / دا نابێت ، چونکە هەردووکیالن گڕن ،بەڵکو سووکی و قەڵەوی وەك دوو سیمای جیاکەرەوە بۆ ئەم دوو دەنگە بەکاردێن .

٦ - شیکردنەوەی فۆنیمی : شیکردنەوەی زمان بەهۆی بیستنەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی فۆنیمەکانی ئەو زمانە, هەروەها دەستنیشانکردنی ئەلۆفۆنەکانی هەر فۆنیمێك لەگەڵ دابەش بوونی هەر ئەلۆفۆنێك .

٧- ریزبوونی (ڕێکخستنی) فۆنیمی : بریتییە لە بەدوایەك هاتنو ڕێزبوونی فۆنیمەکان لە سنووری بڕگەو وشەکاندا بە پێی دەستوورو یاسای تایبەتەوە, ئەم یاسایانەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت.

٨- جووتۆکەی بەرامبەری : دوو فۆنیم لەتاکە سفەتێکدا بەرامبەر بەیەك بوەستن, وەکو لەم جووتە فۆنیمانەدا دەردەکەوێت: / د: ت/, / ب:پ/, / ز: س/, / ژ: ش/ ئەو جووتە فۆنیمانە لەهەموو سفەتێکدا وەکو یەکن, تەنیا لەسیفەتی گڕی و کپیدا نەبێت بەرامبەر بەیەك دەوەستن کە فۆنیمەکانی لای ڕاست لەو جووتە فۆنیمانەدا گڕن و ئەوانەی لای چە پیش کپن .

2- بـــــــــڕگە

بە شێوەیەکە گشتی بڕگە (Syllable) : بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێك کە بەیەك تەوژمی هەوای دەربازبوو لە زار دێتە دەرەوە . زاراوەی بڕگە لە زمانەوانیدا بۆ دانەیەکی ئاستی دەنگسازی بەگشتی و دەنگناسی بەتاییەتی بەکاردێت ، هەرچەندە بڕگە یەکەیەکی ئاستی دەنگناسییە،بەڵام بەهۆی گرنگی و ڕۆڵی بڕگە لە زماندا،لە هەر دوو لقە ئاستی دەنگدا پێناسە دەکرێت ، کەواتە :-

١- بڕگەی دەنگسازی : بریتییە لە یەکەیەکی میکانیزمی فیزیکی ، کە لە ناو قاڵبی ئەو یەکە میکانیزمییە فیزیکیەدا لە هەر زمانە شێوەکانی بڕگەی خۆی دادەرێژێت ،بە واتایەکی تر ئەم جۆرەیان گشتییە و ئەو قاڵبەیە کە هەموو زمانانی جیهانی تێدا بەشدارن ، پەیوەندی بە فسیۆلۆجییەتی هەناسە وەرگرتن و میکانزمیەتی کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە .

٢- بڕگەی دەنگناسی : بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێك کە فۆنتاکتیکی زمانەکە ڕۆنانی دیاریدەکات . کەواتە ئەم جۆرەیان تاییەتییە و لە ناو چوارچێوەی قاڵبە گشتییەکەدا (دەنگسازی) زمانەکان جیاوازی لە چۆنیەتی لێکدانی فۆنیمەکانیان پیشان دەدەن ، واتە هەر زمانەی یاسای تاییەت بەخۆی هەیە بۆ لێکدانی فۆنیمەکانی لە ناو قاڵبی بڕگەی گشتی (دەنگسازی) .

پێکهاتنی بڕگەی زمانی کوردی

لە زمانی کوردیدا بزوێن ناوکی بڕگە پێکدێنێت ،لەگەڵ ئەم بزوێنەدا دەشێ بە گوێرەی قاڵبەکانی بڕگەی کوردی ،چەند فۆنیمێکی کپی نەبزوێن دەرکەوێ ، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی بڕگەی کوردی لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت ،کە بریتییە (پێش لوتکە – لوتکە (ناوك uncleus)- پاش لوتکە) ، لە (زمانی کوردی) پێش لوتکە وپاش لوتکە هەردەم نەبزوێنە، بەڵام لوتکە هەردەم بزوێنە .بۆنموونە :-







ژمارەی فۆنیمە کپەکان و ڕیزبوون و دەرکەوتنیان بە یەکەوە لە زمانەکاندا جیاوازن ،بۆنموونە لە زمانی کوردیدا لە یەك تا چوار فۆنیمی کپ لەگەڵ بزوێندا لە بڕگەیەکدا دەردەکەوێ و هەرگیز لە دوو کپ زیاتر ناکەوێتە لایەکی بزوێنەکەوە ، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا تا پێنج کپ لە بڕگەیەکدا دەردەکەوێ و لە عەرەبیدا تا دوو کپ دەتوانی لە بڕگەیەکدا دەرکەوێ ،ئەم جیاوازییانە بڕگەی فۆنۆلۆجی پێکدەهێنن لە هەر زمانێکدا . گرنگی هێز (Stress) لەگەڵ بەکارهێنان و جۆری بڕگەی زماندا دەردەکەوێ ،چونکە هەرکە ناوی هێزمان هێنا دەبێ ناوی بڕگەشی لەگەڵدا بهێنیین ،بۆنموونە ئەڵێین بڕگەی هێزدار و ناڵێین وشەی هێزدار بەم جۆرە سوودی کەرتکردنی وشە دەرئەکەوێ ،چونکە ئەگەر وشە دابەش نەکرێ بەسەر بڕگەدا ئەوا سنووری هێزیش دەرناکەوێ ، هەروەها گرنگی فۆنیم لە دەسنیشانکردنی بڕگەدا دەرئەکەوێ ،چونکە بڕگە بریتییە لە چەند فۆنیمێك ،کەواتە جیاوازی بڕگە و هێز لە وەدایە کە بڕگە ئەتوانرێ دەسنیشانبکرێ لە نووسینەوەدا دوای درکاندنی ،بەڵام دەسنیشانکردنی سنووری هێز لە مێشکی مرۆڤدایە .سەبارەت بە پێکهاتەی قاڵبەکانی بڕگەی زمانی کوردی تاوەکو ئێستا (٩) قاڵب و یاسا بۆ داڕشتنی بڕگەی کوردی دەسنیشانکراوە ،کە بریتین لە :-

م. ڕێبین خالد دڵکار

CCVCC	خوارد
CCVC	ژوان
CCV	چرا
CVC	شەو
CV	تۆ
V	ئە – خۆم
VC	ئاش
VCC	ئەرك
CVCC	دەشت

جـــــۆرەكانی بڕگە :-

بڕگە بە پێی ماوەی درکاندن و دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی نەبزوێنی دواوە و سووکی و قورسی لە دەربڕیندا دەکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە

یەکەم / بە پێی ئەو زەمەنەی لە دەربڕینی بڕگەدا بەکاردێت ، بڕگە دەکرێتە دوو جۆر:-

١- بڕگەی کورت : ئەو جۆرە بڕگانەن کە ماوەی دەربڕینیان کورتە و بزوێنێکی کورت لوتکەی ئەو جۆرە بڕگانە پێکدێنێت ، بێ گوێ دانە ژمارەی کۆنسنانتەکان ،بۆ نموونە : سەر ، کوڕ ، ورد ، بەرد ...

٢- بڕگەی درێژ : ئەو جۆرە بڕگانەن کە ماوەی دەربڕینیان درێژترە لە بڕگە کورتەکان و بزوێنێکی درێژ لوتکەی ئەو جۆرە بڕگانە پێکدێنێت ، بۆ نموونە : شار ، سوور ، دێ ...

دووەم / بە پێی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی کۆنسنانتی دواوە ، بڕگە دەکرێتە دوو جۆر:-

١- بڕگەی کراوە : لەم جۆرە بڕگەیەدا پاش لوتکە (نەبزوێنی دواوە) دەرناکەوێت ، واتە شێوەی بڕگە CV دەبێت ،بۆنموونە : خۆ ، لۆ ، نۆ ...

٢- بڕگەی داخراو : لەم جۆرەبڕگەیەدا پاش لوتکە(نەبزوێنی دواوە) دەردەکەوێت ، واتە شێوەی بڕگەCVC دەبێت بۆنموونە : شار ، یار ،بار ...

سێیەم / بە پێی سووکی و قورسی ، کە لە دەربڕینی بڕگەدا بەکاردێت ، بڕگە دەکرێتە دوو جۆر:-

١- بڕگەی سووك : ئەو بڕگانەن کە بە پلەی یەکەم شێوەی CV وەردەگرن و بە پلەی دووەم شێوەی CVC وەردەگرن ،لەم جۆرە بڕگەیەدا چ لە سەرەتای بڕگە و چ لە کۆتایی بڕگە لە نەبزوێنێك زیاتر نابینرێ ،بێ گوێدانە جۆری بزوێنەکە لە ڕووی کورتی و دێژییەوە .

٢- بڕگەی قورس : لەم جۆرە بڕگەیەدا کۆبوونەوەی نەبزوێن چ لە پێش بزوێن چ لە پاش بزوێن دەبینرێت ، کە بە پلەی یەکەم شێوەی CCVCC ، CVCC ، CVC وەرئەگرن ، وە بە پلەی دووەم شێوەی VCC ، VC وەرئەگرن ، چونکە لە زمانی کوردیدا ئەو بڕگانەی بە بزوێن دەستپێدەکەن ، لە دەربڕیندا لە ڕووی قوورسییەوە بە پلەی دووەم دێن .

سوودەکانی بڕگـــــــە لە زماندا :

١- شیکردنەوەی کێشی شیعر بەتایبەتیش کێشی شیعری خۆماڵی ، لەسەر بنەمای ژمارەی بڕگەکانی جێ بەجێ ئەکرێت ، بۆنموونە : بڕگەی پێنجی

ئەمانە هەموو جوانن شیرینن

ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن

٢- بە پێی بڕگە ،ئەتوانین جۆری لێکدانی فۆنیمەکان دەسنیشان بکەین و بە پێی ئەم لێکدانەش ئەتوانین شێوەی پێکهاتنی وشە شیبکەینەوە .

٣- لە سنووری فۆنۆلۆجیدا ، پێویستە لە بچووکترین دانەی وشەوە ،کە (فۆنیم) ە ،دەستبکەین بە شیکردنەوەی وشە و بڕگەش دووەم دانەیە لە وشەدا ، ئینجا هێز .

٤- وردبوونەوە لە جۆری بڕگە ، یارمەتیمان ئەدا بۆ ئەوەی بزانین چی فۆنیمێك لەگەڵ فۆنیمێکی تردا ڕێك ناکەوێ .

٥- بە پێی بڕگە ئەتوانین بەراوردی شێوەی پێکهاتنی وشەی دوو زمان بکەین ،بۆنموونە وشەی (Shepherd) لە ئینگلیزیدا بریتییە لە دوو بڕگە،بەڵام لە کوردیدا ئەو وشەیەی کە ئەم واتایە ئەبەخشێ بریتییە لە یەك بڕگە (شوان)

دووەم / فۆنیـــــــــــمە ناکەرتـــییەکان

ئەم فۆنیمانە بەشێوەیەکی تەرییی لەگەڵ فۆنیمە کەرتییەکاندا دەدرکێنرێن ، مەبەست لە فۆنیمە ناکەرتییەکان کە بریتیین لە (هێز – ئاواز – ئاوازە – نێوان (وەستان – هەڵوەستە) ...هتد ئەو سیما دەنگییانەن ، کە زیاتر پەیوەندییان بە فسیۆلۆژییەتی گۆکردنەوە هەیە، چونکە هەوێنی دروستبوونی ئەم فۆنیمانە بۆ بوونی جیاوازی لە خێرایی لەرینەوەی تاڵە ژێکانی قورگ دەگەڕێتەوە ، لە زمانەوانیدا بە ڕەوت (Pitch) ناودەبرێن ،لە بارەی ناونانی ئەم یەکە فۆنۆلۆجییەوە، زمانناسان بۆچوونی جیاوازیان هەیە و بە تایبەتیش لە زمانی کوردیدا جۆرێك لە فرە زاراوەی بە خۆوە دەگرێت ،لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Suprasegmental phoneme) ی بۆ بەکاردێت ، لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (فونیمات فوقطعیة) ی بۆ بەکاردێت . بەشێوەیەکی گشتی ئەم فۆنیمانە کە لە ڕەوتی ئاخاوتندا دێنە ئاراوە زۆر سرکن ، ئەمەش بۆ میکانیزمیەتی کارکردنی مێشك دەگەڕێتەوە ، بۆیە لە میانەی بە کارهێنانی زماندا بەتایبەتیش ئاستی واتا ئەرکێکی زۆر دەبینن ، کە پێویستیان بە کارامەیی و سەلیقەی ورد و ئامێری زۆر پێشکەوتووی دەنگییەوە هەیە بۆ دەستنیشانکردنی سنووری یەکەکانی زمان ، بە مەبەستی ڕەواندنەوەی تەمومژی واتایی . سەبارەت بە ژمارەی فۆنیمە ناکەرتیەکان بەگوێرەی سروشتی هەر زمانێك جیاوازە ، واتە بە هەمان شێوەی فۆنیمە کەرتییەکان (Segmental phoneme) ،مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا هەمان ژمارەی فۆنیمی ناکەرتی دووبارە ببێتەوە ، ئەوەش بۆ ئەرکی فۆنیمە ناکەرتییەکان دەگەڕێتەوە لە هەر زمانێکدا ، بەڵام هێز (Stress) و ئاواز (Intonation) گشتین (Universal) ،واتە لە هەموو زمانێکدا هەن ، کەچی ئاوازە (Tone) تایبەتییە و لە بەشێ لە زمانەکانی جیهاندا بەرچاو دەکەوێ . لێرەدا بە شێوەیەکی چڕ باسی ئەم فۆنیمە ناکەرتییانە دەکەین کە ئەرکێکی دیار لە زمانی کوردیدا دەبینن ،لەوانەش :-

١- هێز (Stress) : پێناسەکردنی هێز کارێکی ئاسان نییە ، چونکە سنووری هێز لە مێشکی مرۆڤ دایە و بابەتێکی ڕێژەییە، بەڵام دەتوانرێ هێزی هەر بڕگەیەك بە گوێرەی بە هێزی و لاوازی بڕگەکانی وشە دەستنیشان بکرێ ،بەمەش گرنگی هێز زیاتر لەگەڵ بڕگەدا دەرئەکەوێ ،کەواتە ئەوە سروشتی پەیوەندی نێوان هێز و بڕگەیە کەوایکردووە زۆربەی پێناسەکانی هێز بە پێی بڕگە بخرێتە ڕوو . یەکێك لەو پێناسانە دەڵێت : هێز گۆکردنێکی ڕێژەییە ، دەخرێتە سەر ڤاوڵی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە یان ڕستە ، پلەی هێز کاردەکاتە سەر درێژی و بەرزی دەنگە ڤاوڵەکە . ئەم پێناسەیە دوو حەقیقەتی هێزمان بۆ دەردەخات :-

١- هێز لەسەر دەنگی بزوێن (Vowel) دەردەکەوێت .

١- بوونی پەیوەندییەکی ڕێژەیی لە نێوان پلەی هێز و درێژی و کورتی دەنگە بزوێنەکان ، چونکە هەموو ئەو دەنگە بزوێنانەی کە بەشداری ڕۆنانی وشە دەکەن پلەیەك لە هێز وەردەگرن ، سەرەڕای ئەرکی هێز لە دەستنیشانکردنی سنووری هەر بڕگەیەکدا .

پلەکانی هێز لە زمانی کوردیدا

بەشێوەیەکی گشتی زمانەوانان چوار پلەیان بۆ هێز لە زمانی کوردی دیاریکردووە،کە بریتیین لە (١- هێزی سەرەکی ٢- هێزی ناوەندی ٣- هێزی سێیەم ٤- هێزی لاواز) شیکردنەوەی ئامێری لە زمانی کوردیدا دەریدەخات،کە هەموو بڕگەکانی وشە پلەیەك لە هێز وەردەگرن، بەڵام لەسەر هەر بڕگەیەی بەڕادده و پلەیێ ، تەنانەت وشەی یەك بڕگەیش ،بەڵام لە وشەی یەك بڕگەیدا هێز هیچ ئەرکێکی گۆڕینی لایەنی ڕێزمانی و واتایی نابینێت . بۆنموونە لە وشەی (بەرد – گیا – ئارد...) هێز لە هەر شوێنێك دابنێین کار لە واتای وشەکان ناکات .

شوێنی هێز لە زمانی کوردیدا

بە پێی تایبە تمەندی زمانەکان ،شوێنی دەرکەوتنی هێز لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت . بە گوێرەی (بزوێن و نەبزوێن و بڕگە) بۆنموونە لە زمانی چیکی و سڕبیدا هێز لەسەر نەبزوێنە ، لە زمانی چیکیدا هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە،لە زمانی فەرەنسیدا بڕگەکانی وشە یەکسانن لە هێز ،لە زمانی پۆلۆنیدا هێز لەسەر بڕگەی پێش کۆتاییەوەیە ، بەڵام لە زمانی کوردی هێز لەسەر بزوێنە و دەکرێت بە گوێرەی مەبەستیش لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تر بگوازرێتەوە ، هێزی سەرەکیش لە سەر دوابڕگەی وشە دەبێت ،هەندێ ناوێزەش بەرچاو دەکەوێ وەکو (چونکە – بەڵام – هێشتا ...) لەم وشانەدا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم .کەواتە بەگوێرەی شوێن دەکرێ هێز ئەرکی ڕێزمانی و واتاگۆڕی ببینێت ،بۆنموونە زمانی کوردی لە بەشە ئاخاوتنی ناودا هێز لەسەر بڕگەی کۆتاییە ،بەڵام لە بەشە ئاخاوتنی کاردا هێز لەسەر بڕگەی یەکەم دەبێت ،لەم ڕووەوە پێچەوانەی سیستەمی هێزە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆنموونە لە (نووستن) دا کە هێز لەسەر دوابڕگەیێ واتای چاووگی دەگەیەنێ واتە (نووستن خۆشە) ،بەڵام ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم واتای دەگۆڕێت و واتای کار دەگەیەنێ واتە (ئەوان نووستن) .

جۆرەکانی هێز لە زمانی کوردیدا

بەشێوەیەکی گشتی بە پێی بەشەکانی ئاخاوتن دووجۆرە هێز بەرچاو دەکەوێت :-

١- هێزی وشە : بریتییە لەو جۆرە هێزە سەرەکییەی دەکەوێتە سەر یەکێك لە بڕگەکانی وشە ، کاتێ کە وشەکە بەتەنیاو لە دەرەوەی ڕستەدا دەردەکەوێت .

٢- هێزی ڕستە : ئەو هێزەیە دەخرێتە سەر وشەکانی ڕستە ،لێرەدا ڕۆڵی هێزی وشە نامێنێ ، بەڵکو هێزی سەرەکی وشەیەك لە وشەکانی ڕستە وەریدەگرێت ، بەوەی کە ڕستە دانەیەکی ئاخاوتنە و بە وەستان دەستپێدەکات و کۆتایی دێت ، ئاسایی هێز دەکەوێتە سەر دوا وشەی ڕستەکە ، یان ئەو وشەیەی گرنگی پێدەدرێت لە دەوروبەر دا ،بۆنموونە :

مامۆستا هات .

بەڵام لە ڕستەی (جاران هەستی نەتەوایەتی بەهێزتربوو .) ئەوە دەردەخات کە کارەکە لە ڕابردوو ڕووی داوە ، وە بە مەبەستی دووپاتکردنەوە هێزی بەرانبەری (بەمەبەست) وەردەگرێ ،بەڵام بۆ کاتی ئێستا مەبەستەکە پێچەوانە دەبێتەوە و ڕوودانی کاری ڕستەکە نەرێ دەکات و واتە (ئێستا هەستی نەتەوایەتی بێ هێزبووە .) دەگەیەنێت .

ئـــــــــاواز (Intonation)

ئەركی سەرجەم یەکە دەنگییە ناکەرتییەکان لە زنجیرەی ئاوازدا دەردەکەوێت ، ئەمەش وایکردووە کە پێناسەکردنی ئاواز کارێکی ئاسان نەبێت ، بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆز و ئەرکە واتاییە جیاوازانەی ئاواز لە ئاستەکانی زماندا هەیەتی . تەنانەت لە ئاستی دەنگسازیدا لە ڕووی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجییەوە پێناسەکانی ئاواز جیاوازن ، یەکێك لەو پێناسانە دەڵێت : ((ئاواز واتا گۆڕینی ڕەوتی دەنگ ، ئەمەش بۆ جیاوازی لە ڕێژەی لەرینەوەی تاڵە ژێکانی قورگ دەگەڕێتەوە)) . ، ئەم پێناسەیە زیاتر فۆنەتیکییە کە حەقیقەتی فۆنەتیکی ئاواز دەردەخات کە پەیوەندیەکی بنجی بە گۆڕانی ڕەوتی دەنگەوە هەیە . یەکێکی تر لەو پێناسانە دەڵێت : ((ئاواز زاراوەیەکە بەمەبەستی ئاماژەکردن بە جیاوازی ئاوازی دەنگی قسەکەر بەکاردێت . هەروەها دیاردەیەکی هزرییە و بنەما بەرجەستەییەکەی جیاوازی لەرەی دەنگی قسەکەرە)) . ئەم پێناسەیە زیاتر فۆنۆلۆجییە ، چونکە حەقیقەتی فۆنۆلۆجی ئاواز دەردەخات کە وەکو فۆنیمێکی ناکەرتی ئەرکی گۆڕینی واتا دەبینێ .

ئاستەکانی ئاواز :

بەشێوەیەکی گشتی دەستنیشانکردنی ئاستەکانی ئاواز ، بە مەبەستی پۆلێنکردنی واتای جۆرەکانی ڕستەیە ، بە پێی ژمارەی لەرەلەرەکانی دەنگ . واتە ((ئاستی ئاواز بریتییە لە پلەی ئەو ئاوازەیەی کە هەرچەندە ژمارەی لەرەکانی دەنگ زیادبێت پلەکانی بەرز دەبێتەوە ، و هەرچەندە ژمارەی لەرەکانی دەنگ کەم بێت پلەکانی نزم دەبێتەوە)) .

بەشێوەیەکی گشتی شارەزایانی دەنگسازی چوار ئاستیان بۆ ئاوازی ڕستەی کوردی دەستنیشانکردووە ، لەوانەش :

١- ئاوازی کەوت : ئەم جۆرە ئاوازەیە هێمای (١) بۆ دادەنرێت ، چونکە بە دوای وەستانی کەوت دا دێت ، و لە کۆتایی ڕستەی هەواڵیدا دەردەکەوێت .

٢- ئاوازی ئاسایی بەرز – هەڵس : ئەم جۆرە ئاوازەیە هێمای (٢) بۆ دادەنرێت ، چونکە لەگەڵ وەستانی کاتی دا دێت وە لە کۆتایی ئەو ڕستانەوە دێت کە هەڵچوونیان تێدانییە و هەواڵ دەگەیێنن .

٣- ئاوازی نزم- هەڵس : ئەم جۆرە ئاوازەیە هێمای (٣) بۆ دادەنرێت ، چونکە بەدوای هەڵسێکی لە سەرخۆوە دێت ، و لە کۆتایی ڕستەی سەرسووڕماندا دەردەکەوێت .

٤- ئاوازی کەوت- هەڵس : ئەم جۆرە ئاوازەیە هێمای (٤) بۆ دادەنرێت ، چونکە لەگەڵ هەڵسی لە پڕدا دێت ، و لەکۆتایی ئەو ڕستانەوە دێت کە فەرماندان و هەڵچوونیان تێدایە .

لەگەڵ ئەمەشدا ، ئاوازی ڕستە ، بەهۆی ئاوێتەبوونی مەبەست و باری دەروونی وهەڵچوونەکانی قسەکەرەوە ، زۆرجار زیاتر لە ئاستێکی ئاواز بەشداری شێوازی دەربڕینی ڕستەکان دەکەن .

جۆرەکانی ئاواز :

بەشێوەیەکی گشتی و بە پێی تایبە تمەندی تایپۆلۆجی زمانەکانی جیهان ، دوو جۆرە ئاواز لە زماندا جیاکراوەتەوە ، لەوانە :

١- ئاوازەی وشە (Word tone) : ئەم جۆرە ئاوازەیە گونجاوترە بە (تۆنی وشە) ناوبرێت ، چونکە ((گۆڕانی ئاوازەی تاقە وشەیەك دەگرێتەوە و دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای ئەو وشەیە ، هەروەکو لە زمانی (چینی) دا ئەبینرێت)) . هەروەها زمانەکانی یابانی و تایلەندی و شۆنا لە زیمبابۆی ، بۆنموونە لە زمانی چینیادا ئەم ڕیزە دەنگە (ta) چوار مانای جیا دەبەخشێ بە پێی تۆنەکەی ، لەوانەش :

أ- مەزن (ta) لە بەرزیەوە بۆ نزمی .

ب- لێدان (ta) نزم و لە پڕبەرز .

ج- سمین (ta) لە نزمییەوە بۆ بەرزی .

د- بەرزکردنەوە (ta) ئاسایی ئاسۆیی .

تۆن یەکێکە لەو بنەمایانەی لە پۆلێنکردنی زمانەکاندا پشتی پێبەستراوە ((لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە لە هەموو زمانێدا هەبێت ، بەڵکو لە کۆمەڵە زمانێکی تایبەتدا هەیە ، تۆن تایبەتمەندیەکی زمانییە و تایبەتە بەو زمانانەی هیچ جۆرە گەردانکردنێکیان تێدا نییە ، واتە زمانە دابڕاوەکان (Isolating language) بۆ دەربڕینی پەیوەندییە سینتاکسییەکان ، بەڵکو تۆن خۆی ئەو پەیوەندیە دەردەبڕێت لەگەڵ شوێنی وشەکە ، تۆن لەو زمانانەدا پەیوەندی بەوشەوە هەیە نەك ڕستە)) . تەنانەت لە نێو زمانە تۆنییەکانیشدا لە ڕووی بەکارهێنانی ژمارەی تۆنەوە جیاوازی هەیە ، بە مەبەستی جیاکردنەوەی واتای وشەیەك لە هەمان ڕیزە دەنگ ، بۆنموونە زمانی چینی چوار جۆرە تۆن بەکاردەهێنێت و لە زمانی تایلەندی وشە پێنج جۆرە تۆنی هەیە و لە زمانی شۆنا کە لە زیمبابۆی بەکاردێ تەنیا دوو جۆرە تۆن بەکاردێت ، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە تۆن تایبەتە بە وشە و ئەرکی لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجییدا دەرناچێت ، کەواتە گرنگترین ئەرکەکانی تۆن (tone) لە زمانەوانیدا بریتییە لە :

١- ئەرکی پۆلێنکردنی زمانەکان دەبینێت .
٢- ئەرکی گۆڕینی واتای وشە لەهەمان ڕیزە دەنگدا دەیبینێت .

ئەم دوو ئەرکە زیاتر واتاین ، هەروەها تۆن ئەرکی ڕێزگرتنیش لە زمانە تۆنییەکاندا دەبینێت ، کە ئەم ئەرکە زیاتر پراگماتیکییە ، بۆنموونە ڕیزە دەنگی/ khaa / لە زمانی تایی کە زمانێکی نەتەوەییە لە تایلەند ئەگەر بە تۆنی ناوەڕاست دەربڕدرێ ، بە واتای (گیایەك) و بە تۆنی هەڵسیش دەربڕدرێ بەواتای (لاق) دێت .

٢- ئاوازی ڕستە (Intonation sentence) مەبەست لەو زمانانەیە کە ئاواز بەکاردەهێنن لە کاتی دەربڕینی ڕستەکانی زماندا ، بەم زمانانەش دەگوترێ زمانی ئاوازەدار (Intonation language) واتە ((ئەو زمانەی ئاواز بە کاردێنێ وەك بەشێك لە ڕستە نەك وەکو بەشێك لە وشە وەکو زمانی کوردی و ئینگلیزی)) . واتە زمانەکە تۆنی نییە ، بەڵکو بە پێی هەڵسوکەوتی گوتن لەسەر یەکە پێکهێنەرەکانی وەکو فرێز و ڕستە دەردەکەوێت ، چونکە ئەم ئەرکەی ئاواز تێکەڵ بە واتای مەبەست دەبێت و بە پێی بارودۆخی گوتن لە دەووروبەر دا ڕووندەبێتەوە . بۆنموونە لە ڕستەی

گەلاوێژ ئەمشەو هەڵدێت .

بەگوێرەی ئاوازی ڕستەکە چەندین واتای جیا دەبەخشێ، ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر سەرتا پای ئەم ڕستەیە دا هەمان شتبوو ، ڕستەکە واتای هەواڵگەیاندن دەگەیێنێت . ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (گەلاوێژ) زیادکرا . ڕستەکە دەبێتە وەڵامی (کێ ئەمشەو دەڕوات ؟) . کە واتا و مەبەستێکی تر دەگەیێنێت . ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی {ئەمشەو} زیادکرا ، ڕستەکە دەبێتە وەڵامی (گەلاوێژ کەی دەڕوات ؟) . کە واتا و مەبەستێکی تر دەگەیێنێت . ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی { هەڵدێت } زیادکرا , ڕستەکە دەبێتە وەڵامی (گەلاوێژ ئەمشەو چی دەکات ؟) کە واتا و مەبەستێکی تر دەگەیێنێت .

م. ڕێبین خالد دێکار

گـــــــــــــــــۆڕان لە زمـــــانـــــدا

یاساکانی گـــۆڕانی دەنـگ

مەبەست لە گۆڕانی زمان ئەو دیاردانەیە، کە لە زماندا ڕوودەدەن و دەبنە هۆی پەیدابوونی هەندێ جیاوازی زمان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر. واتە ئەو گۆڕانەی کە بەسەر زماندا دێت، لەسەرخۆ و بەتێپەڕبوونی کات ڕوودەدات و ڕاستەوخۆ هەستی پێ ناکرێت ، بەڵکو پاش چەند نەوەیەك هەست بەجیاوازی (یان گۆڕانی) دەکەین لە ڕاستیدا (هەموو زمانەکانی جیهان هەمیشە لەگۆڕاندان و لەتوانای کەسدا نییە ئەم گۆڕانە ڕاگرێ، یان کەمی بکاتەوە ، یان بەتەواوی نەیهێڵێ ، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە و بێ ئەوەی بەکارهێنەرانی زمانەکە بە زەقی هەست بەو گۆڕانە بکەن ، کە لە زمانەکەیاندا ڕوودەدات ، لەگەڵ ئەوەشدا "مەرج نییە گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشان و لەناوچوون بەرێ ، وەك هەندێ کەس باوەڕیان وابوو، بەڵکو گۆڕان لەوانەشە زمانەکە ئاسانتر بکات و وزە پارێز بێ" لەگەڵ خواست و ئارەزووی سەردەمدا بگونجێت بێ ئەوەی زمانەکە بشێوێنێت. لەبەر ئەوەی گۆڕان لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، هەروەها لە هەمان زماندا بەپێی زارەکانی تر دەگۆڕێت و جیاوازی هەیە. کەواتە چاکترین ڕێگا بۆ دەستنیشانکردنی سنووری گۆڕان، پێویستە لە زارە جیاجیاکانی زمانێکدا لێك بدرێتەوە ، چونکە گۆڕان لەم زارانەدا مەرج نییە هەر بەو شێوەیە ڕووبدات و هەموو زارەکان بگرێتەوە ، بەڵکو بەپێی ناوچەکە دەگۆڕێت و لەوانەیە بەپێچەوانەی یەکتر ڕووبدات. بۆ ئەم مەبەستە (ئەو کەسەی کە بایەخ بە زانستی گەشە و گۆڕانی دەنگەکان -geotraphy evolutionary-دەدەن، خۆیان بەکەمتەرخەم دەزانن دەربارەی ئەو بەشەی زانستی زمان، کەپێی دەوترێ جوگرافیای زمان -geography Linguistics- چونکە بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانن هەست بەهەندێ دۆزینەوە و بۆچوونی نوێ لەزانستی گەشە و گۆڕانی دەنگەکاندا) بکەین ، هەروەها بۆ دەسنیشانکردنی سنووری گۆڕان لە زماندا، پێویستە ئاستەکانی زمان لێك جیابکرێنەوە ، چونکە هەروەکو ئاشکرایە، کە گۆڕان لەهەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، ئاستی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیك، ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتکس) لەهەر ئاستێکدا چەند شێوەیەکی گۆڕان بەدی دەکرێ .ئاشکراشە، کە زمان لەسەر بناغەی درکاندنی دەنگ دامەزراوە و (درکاندنی دەنگەکانی زمانیش لەڕاستیدا وەکو خۆیان نامێننەوە ، بەڵکو تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا دێت . هەندێجار ئەم گۆڕانە لەسەرخۆیە ، هەندێ جاریش خێرا ڕوودەدات) . سەبارەت بە ئاستی دەنگ دەتوانین بڵێین : (ئەم ئاستەی زمان زیاتر لەئاستەکانی تر دەگۆڕێ و زۆرتریش هەستی پێ دەکرێ) ، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانی دەنگ وەك دیاردەیەك گشتی هەموو زمانەکان دەگرێتەوە ، بەتایبەتی کاتێ دەنگ دەچێتە چوارچێوەی قسەکردن و دوانی ڕاستەوخۆ، چونکە جیاکردنەوەی دەنگ لە وێنەکەی (واتە نووسینەوەی) ئەم ڕاستییەمان بۆ دەڕەخات، کەهەمیشە گۆڕانی زیاتر بەسەردا دێت و بێ ئەوەی گۆڕان لەشێوەی نووسراوی زمانەکەدا ڕووبدات . باشترین بەڵگە بۆ ئەمە، زۆرجار دەبینین نووسینەوەی هەندێ زمان جیاوازی هەیە لەگەڵ درکاندنی دەنگەکانیدا، واتە گۆڕان هەمیشە بەردەوامە لەدواندا، بەڵام شێوەی نووسینەوەی زمانەکە وەکو خۆی ماوەتەوە . بۆیە مەبەست لەئاسان بوونی دەنگەکان ، ئەو لایەنەی گۆڕان دەگرێتەوە لەزماندا، کە لە ئاستی دەنگەکان ڕوودەدات و بەهۆی بیردۆزی ئاسان بوون (یان کەمکردنەوەی تین) لێك دەدرێتەوە ، چونکە زمانەوانەکان بەتایبەتی زانایانی دەنگ ، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی- عوامل- کە دەبنە هۆی گۆڕانی زمان، چەند بۆچوون و بیردۆزی جیاوازیان داناوە بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە، ئەمەش کورتەیەکە کەدەربارەی هەندێ لەو بیروڕایانە - :

١- یاسای دەنگی بەهێز:- زمانەوانی فەڕەنسی Maurice Gramment یاسایەکی بەناوبانگی داناوە بەناوی- یاسای بەهێز Low of the strenger -بەپێی ئەم یاسایە، کاتێك کە دوو فۆنیم کاردەکەنە سەر یەك، بەهەر ڕێگەیەك بێت،

فۆنیمە بێ هێزەکە (بە پێی شوێنی لە بڕگەدا، یان بە پێی هێزی درکاندنی) لەلایەن ئەوی تریانەوەی کاری تێ دەکرێت و دەگۆڕێت .

٢- هۆکاری پەلەکردن لەدواندا : قسەکەری ئاسایی کاتێك کە دەیەوێت بەخێرایی بدوێت ، بۆ ئەوەی بواری گوێگر نەدات قسەکەی پێ ببڕێت ، هەروەها لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی کەمترین تین بەکاربێنێت ، لە دەربڕینی بیروڕای نوێدا. ئەمەش بەزۆری لە (٩٠٪)ی دوانی رۆژانەی خەڵکیدا روودەدات .

٣- هۆکاری دەرەوەی زمان: لەوانەیە گۆڕانی دەنگ لەزمانێکدا لەماوەیەك و لەناوچەیەکی تایبەتیدا رووبدات، لەژێر هۆکاری دەرەوەی زمان واتە لەئەنجامی کارتێکردنی دەنگەکانی زمانێك لەزمانێکی تر، بەهۆی تێکەڵ بوون و دراوسێتی دوو زمانی جیاواز .

٤- یاسای دووبارەکردنەوە: لەم ساڵانەدا هەندێ لێکۆڵەر هۆی گۆڕانی دەنگ دەدەنە پاڵ دووبارەکردنەوەی فۆنیمەکان یان هێشووە فۆنیمەکانی زمان واتە ئەم فۆنیمانەی کە زۆر دووبارە دەبنەوە لە زماندا، وەرگرتن و مانەوەیان لەمێشکدا ئاسانترە لەوەی کە کەمتر دووبارە دەبنەوە، هەروەها ئەو هێشووانەی دووبارە دەبنەوە گۆڕانکاری ئاسانکردن و لاوازبوون دەبێ زیاتر لەو کۆمەڵانەی کە کەمتر دووبارە دەبنەوە .

٥- هۆکاری هاوسەنگی و بیردۆزی مارتنێت: (بەباوەڕی زمانەوانی فەرەنسی (مارتنێت) هەموو زمانێك لەگەڵ پەیدابوونیا هۆکاری گۆڕانی لەگەڵدایە. چونکە هەموویان ئەوە ئارەزوویەیان تێدایە، کەئاسان بن و ئەرکێکی زۆر نەخەنە سەر ئەو کەسانەی قسەیان پێ دەکەن و بەکاریان دەهێنن . جا لەبەرئەوەی هەموو زمانێکیش ناڕێکی زۆری تێدایە و لەو دیاردە نائاوێزانە، تارادەیە لەزمانیشی لاسەنگ کردووە ، قسەکەران هەمیشە بەدوای هێنانەوەی هاوسەنگی وێڵن و هەموو ئەو گۆڕانانەی کە لە ڕێگەدایە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێ ، بێگومان ئەم ئاما نجەی قسەکەر هەرگیز نایەتەدی ، چونکە هێنانەوەی هاوسەنگی لەلایەك ، دەبێتە هۆی لاسەنگی لەلایەکی تری زمانەکە . سەرەڕای جیاوازی لێکدانەوە و بۆچوونی هەریەکەیان لەو بیروڕایانەی پێشوو، مانەوەی بیردۆزی ئاسانبوونی هەروەکو هۆکارێکی پێشبین و کاریگەری لەگۆڕان و گەشەکردنی دەنگەکانی زماندا.

گـــۆڕانی نـــەبزوێنەکان

هەندێ لەو گۆڕانانەی کە بەسەر کۆنسنانتەکان دێت لەکاتی لێکدانی دوو مۆرفیم یان زیاتر (واتە لە هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیدا رووەدەدات). بەگۆڕانی مۆرفۆلۆجی ناودەبرێت ، کە لەئە نجامی گۆڕانی فۆنیمەکان لەناو مۆرفیمەکاندا رووەدەدات ، گۆڕانی کۆنسنانتەکانیش دەتوانین بەو جۆرانەی خوارەوە باسیان بکەین : -

یەکەم- گونجان (Assimilation) : بریتییە لە گۆڕانی دەنگێك، بۆ ئەوەی لەدەنگێکی دراوسێی خۆی بچێت. مەبەست لە گونجان ئاسانکردنی درکاندنە. هەروەها هۆی رووداني ئەم دیاردەیە بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامانی دوان و رێکخستن و گونجانی جووڵانەوەی ماسولکەکان لەکاتی درکاندنی دەنگەکاندا، ئەم کارەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی گونجان لەناو دەنگە دراوسێکاندا، کە بەچەند یاسایەکی فۆنۆلۆجی دەستنیشان دەکرێن و لێك دەدرێنەوە . لێرەدا بپێی جۆری گۆڕانی (واتە گونجان) دەنگەکان ، دەکرێن بەدوو بەشی سەرەکییەوە :-

١- گونجانی تەواو: لەم جۆرە گونجانەدا "دەنگێك دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لەدەنگێکی تر بچێت، بەواتای دەنگی کارتێکراو دەگۆڕێت بەدەنگی کارتێکردوو " ئەم دیاردەی پێی دەوترێت -Complete Assimilation -بەمەبەستی ئەوە دێتە کایەوە بۆ ئەوەی کەمترین تین بەکاربێت ، بەهۆی دوورکەوتنەوە لەجووڵانەوەی ماسولکەیی لەکاتی درکاندندا ، بۆ نموونە: لەزاری سلێمانیدا لەهەندێ بیئەدا [د]ی گر، کەدەنگێکی گیری ددانییە، لەپاش دەنگە لووتییەکاندا [م] و [ن] بەتەواوەتی دەگۆڕێت وەك :-

لێم دا > لێم ما

جاجمەکەم دا بەخۆما > جاجمەکەم ما بەخۆما

کتێبەکەم پیشان دا > کتێبەکەم پیشان نا

هەروەها گۆڕانی تەواوی [د] لەپاش [ڤـ]لەوشەی (حەڤدە)دا:

حەڤدە > حەڤڤە

تێبینی : لەو نموونانەی سەرەوە گونجانەکە بەرەو پێشەوەیە -progressive - چونکە دەنگی پێشەوەی کاری کردۆتە سەر دەنگی دواوە، هەروەها گۆڕانەکە لەرووی سازگەوەیە، واتە [د]سازگەکەی گۆڕاوە لە ژێر کاری [م] یان [ن]یان [ڤـ] بۆ سازگەیەکی تر بە پێی گونجانەکە، وەکو دەنگی کارتێکردووی لێ هاتووە . هەندێ جار دەنگی دواوە کار لەدەنگی پێشەوە دەکات و دەیگۆڕێت، واتە گۆڕانەکە بەرەو دواوە رووەدەدات -regressive -بۆ نموونە:

سەرت داگرە > سەرد داگرە

لەگەڵت دێم > لەگەڵد دێم

لێرەدا هەردوو [ت] و [د] سازگەیان یەکە. واتە سازگەی [ت] نەگۆڕاوە، بەڵام [ت] کپە و [د] گرە، دەنگە گرەکە کاری لەدەنگە کپەکە کردووە گۆڕاوە بە [د]گر، واتە گونجانێکی تەواو رووی داوە.

گۆڕانی [ب] بە [م] لەهەندێ وشەدا، واتە گونجێنێکی تەواو رووەدات ، کاتێ کە ئەم دوو دەنگە بەسەریەکەوە دێن، [ب] دەگۆڕێت بە [م]، لەئە نجامی کارتێکردنی [م]ی پێشەوە، کەدەنگێکی لووتییە ، [ب]دەگۆڕێت بۆ نموونە:

عەمبار > عەممار

بەرامبەر > بەراممەر

پەمپە > پەممە (پەممەیی)

٢- گونجانی ناتەواو: لەم گۆڕانەدا واتە بەشێك (واتە سیفەتێك) لەدەنگەکە دەگۆڕێت ، بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێك پەیدا بکات لەگەڵ دەنگی تردا . بەتایبەتی لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکەدا، واتە گۆڕانەکە هەموو سیفەتی دەنگەکە ناگرێتەوە ، بەڵکو تەنیا سیفەتێکدا لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکەدا یەك دەگرنەوە، بۆ ئەوەی دوو دەنگە جیاوازەکە لەیەکتر نزیك بنەوە لە سیفەتی قەڵەوی یان گڕی یان کپی....هتد، لەم حاڵەتەدا جووڵانەوەی هارمۆنی پەیدا دەبێت لەبەینی ئەندامەکاندا، بۆ ئەوەی تینی ماسولکە کە بەکاردێت لەکاتی درکاندندا ،لەم جۆرە گۆڕانەدا دەنگێکی گڕ دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی کپ ، بە مەبەستی خۆگونجاندنی لەگەڵ دەنگێکی تر لە تایبەتمەندی کپی ، بۆنموونە :

ڕۆژباش ← ڕۆشباش یان دەستگا ← دەزگا

چ بکەم ← چ پکەم یان پشدەر ← پژدەر

دووەم – سووانی (تێچوون) کۆنسنانتەکان (Elision) : ئەم جۆرە گۆڕانەش، کە بەسەر وشە، یان مۆرفیمەکاندا دێت ، لەئە نجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لەبینەی جیاوازدا دێتە کایەوە ، کە لە هەندێ حاڵەتدا، شێوە و قاڵبی جیاواز وەردەگرن ، بێ ئەوەی لە ئەرك و واتایان کەم بێتەوە . کەوابوو یەکێك لەو گۆڕانانەی، کە بەسەر سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی کوردی- زاری سلێمانی- دا هاتبێت، لەناوچوون و فڕێدانی هەندێ دەنگە پاش پشکنین و سەرنجدانی راستەوخۆی دووانی زارەکە، دەتوانین ئەم دیاردەیە بەپێی شوێنی سووانی دەنگەکان لەوشەکاندا (لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی) بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانییان بکەین:

أ- سەرەتای وشە: لەم گۆڕانەدا دەنگێکی کۆنسنانت لەسەرەتای وشەدا لەناودەچێت، بۆ ئاسانی دەربڕین، یان لەئە نجامی پەلەکردن، کەدوو دەنگی کۆنسنانت لەسەرەتای وشەدا بەسەریەکەوە دەردەکەون ، یەکێکیان دەسووێت، بۆ نموونە:

ببە بە پیاو > بەبە پیاو

ددان > دان

هوشیار > وشیار

ب- لەناوەڕاستی وشەدا، لەم جۆرە گۆڕانەدا دەنگێك یان زیاتر لەناودەچێت ، لە ناوەڕاستی وشەیەکدا، یان لە ئە نجامی لێکدانی دوو وشە یان دوو مۆرفیم ، دەنگێکی کۆنسنانت یان زیاتر دەسووێت، بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لەهێشووە کۆنسنانت

(بەتاییەتی لە درکاندنی دوو کۆنسنانت زیاتر بەسەریەکەوە)، چونکە ئەم هێشووە کۆنسنانتە دەبێتە هۆی نەهاتنی یان قوڕسی درکاندنی هێشووەکە لێرەدا یان دەنگی کۆتایی وشەی یەکەم ، یان دەنگی سەرەتای وشەی دووەم لەناودەچێت، بەم شێوەیەی خوارەوە : -

-لەناوچوونی[ب]، نیشانەی فەرمانە (داخوازی)، بەتاییەتی لەکاری داڕێژراودا. لەگەڵ سووانی مۆرفیمەکە، پێشگرەکە بەکارەکەوە دەلکێت بۆ نموونە :

هەڵ بگرە > هەڵگرە

رابکە > راکە

ج- کۆتایی وشە: لەم جۆرە گۆڕانەدا دەنگێکی کۆنسنانت لەکۆتایی وشەیەك یا مۆرفیمێکدا دەسووێت، بۆ ئاسانی، یا بەمەبەستی کورت بڕی لەدەربڕیندا، ئەم گۆڕانەی لەچەند حاڵەتێکدا بەدی دەکرێت:

-لەناوچوونی [ت] ی (- ات) یان (- ێت) ی راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك، کە لەگەڵ کاری داهاتووی خەبەری و ئیلزامیدا دەردەکەون . کاتێ کە ڕەگی کارەکە کۆتایی بە < و > و یان <ـــە> هاتبێت ، (- ات) وەردەگرێت، پاش سووانی [ت]، راناوەکە لەشێوەی (-ا) دا دەمێنێتەوە، بۆ نموونە :لەحاڵەتی خەبەریدا : ئەڕوات > ئەڕوا

سێیەم - پەیدابوونی دەنگ : بریتییە لە پەیدابوونی دەنگێك لە پێکهاتەی وشەدا ، لە کاتی چوونە پاڵی دەنگەکانی زمان لە ڕۆنانی دانەی گەورەتردا ،ئەم پەیدابوونەی دەنگیش هۆکاری هەیە ، لەوانە :

١- بوونی دوو بزوێن لە پاڵیەکتردا ، کە دەنگێکی نەبزوێن دەکەوێتە نێوانیان ، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن لەگەڵ یەکتردا نایەن .

٢- جیاوازی نێوان شێوەزارەکان ، چونکە هەندێ دیاردە تەنها لە شێوەزارێکدا بە دی دەکرێ و مەرج نییە لە شێوەزارێکی تردا بەدی بکرێ . بۆنموونە :

چرا+ەکە=چرایەکە یان گۆڕ+را=گۆڕدرا

چوارەم – گۆڕینی دەنگ : بریتییە لە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر بێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕدرێت .جاری وا هەیە هەردوو فۆرمی وشەکە لە یەك دیالێکت دەبن یان لە دوو دیالێکتی جیاواز .

دەخۆم ← ئەخۆم یان چاو ←چاڤ یان مزگەوت ←مزگەفت

پێنجەم – جێگۆڕکێی دەنگ : مەبەست لەم یاسایە ئەوەیە دەنگێك یان زیاتر لە پێکهاتەی وشەیەکدا شوێنی خۆی دەگۆڕێت ، ئەم دیاردەیە جگەلە هۆکاری دیالێکتیکی هەندێجار بۆ هۆکاری چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری دەگەڕێتەوە . بۆنموونە :

جومعە ← جوعمە یان ڕوبع ← ڕوعب یان بەفر ← بەرف

گـــۆڕانی بزوێنەکان :-

لە ئەنجامی لێکدانی دوو مۆرفیم ، یان وشەیەك لەگەڵ مۆرفیمێکدا، کە دوو ڤاوڵ بەیەك دەگەن ، چەند گۆڕانێکی فۆنیمی لەمۆرفیمەکاندا روودەدات . بەواتای ئەوەی مۆرفیمەکان شێوەی جیاواز وەردەگرن ، بە پێی ئەو بیئە جیاوازانەی کەتیا دەردەکەون . هۆی گۆڕانی ڤاوڵەکان بەزۆری لەزمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێشووە ڤاوڵ دروست نەبێت .ئەمەش تایبەتییەکی فۆنۆلۆجی زمانی کوردی دەردەخات، هەروەکو لەشوێنی پێك هاتن و رێزبوونی فۆنیمەکان لە بڕگەی فۆنۆلۆجی کوردیدا ئەم راستییە دەسەلمێنێت ، کە لێرەدا دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکەین :-

نۆ	CV
هەو	CVC
خوا	CCV
خوار	CCVC
سارد	CVCC
خوارد	CCVCC

هەروەها گۆڕانی ڤاوڵەکان بەزۆری لەدوو دیاردەی (نەگونجان و لەناوچوون) دا بەرچاو دەکەوێت، یان ئەوەتا یەکێك لەڤاوڵەکان واز لەسیفەتی خۆی دەهێنێت و دەگۆڕێت بەدەنگێکی تر، کە لەسیفەتێکدا نزیکە لەدەنگە گۆڕاوەکە . کەواتە بۆ دەسنیشانکردنی جۆری گۆڕان لەڤاوڵەکاندا و لێکدانەوەیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا باسیان دەکەین :

١- نەگونجانی بزوێن :	گەشا+ەوە = گەشایەوە	یان	ئەم +دێ+ە= ئەم دێیە
٢- سووانی (تێچوون) بزوێن :	شوووشە+ەکە= شووشەکە	یان	ڕووخا+اندن = ڕووخاندن
٣- پەیدابوونی بزوێن :	خاڵ ← خاڵۆ	یان	دەر ← دەرێ
٤- گۆڕینی بزوێن :	ناو ← نێو	یان	ڕێگا ← ڕێگە
٥- جێگڕکێی بزوێن :	ڕادیۆ ← ڕادوێ	یان	ملیۆن ← ملوێن

م.ڕێبین خالد دڵکار

وەفایەك بۆ مامۆستای مامۆستاكان

سلاو لە مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار

ئەلفوبێی كـــوردی هێنایە ژێر بـــار

ئەو مامۆستا و شاســـواری ڕێگەی زمانە

ئەو خاوەنی سەلیقە و عیلم و عیرفـــانە

ئەو میراتـــگری پیرەمێرد و نالـــی یە

وەك حاجی خە مخۆری زمانی كـــوردییە

ئەو ساداتی نۆبەرەی ئەلفـــو بێیـــە

ئـەو باخەوانی زمانی كوردی نـــوێیـــە

((د.ڕێبین خالد دڵكار)) ٢٠١٦

د.ڕێبین خالد دڵكار

هیوام تێگەیشتن و پێگەیشتنانە

PHONETICS AND PHONOLOGY